Tribunals Service – خزمەتگوزاریی دادگاکان

Asylum Support Tribunal – دادگای پشتگیریی پەنابەریی

An independent appeal mechanism for Asylum Seekers whose applications for support have been refused or discontinued

میکانیزمێکی سەربەخۆی ئیستیئنافکردنەوە بۆ ئەو پەناخوازانەی کە داواکارییەکانیان بۆ کۆمەک و یارمەتی ڕەفز کراوە یان ڕاگیراوە

# بەخێرهاتن بۆ ماڵپەڕی دادگای پشگیریی پەنابەریی (AST)

من خۆشحاڵم بەخێرهاتنتان بکەم بۆ ماڵپەڕی **دادگای پشتگیریی پەنابەری** و دڵنیام کە ناوەرۆکەکەیتان بەلاوە بەسوود و زانیاریبەخش دەبێت.

**یاسای کۆچبەری و پەنابەریی** 1999 ، کاروباری پشتگیریکردن و یارمەتیدانی پەناخوازان و ئەندامانی خێزانەکانیانی بە شێوەیەکی نوێ، داڕشتۆتەوە.

**بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوەی پەنابەریی** (Asylum Resource Directorate - ARD)، لێکدانەوەی ئەوە دەکەن ئایا داواکارەکە و ئەندامانی خێزانەکەی ئەو مەرجانەی بێدەرتانییان تێدایە کە بە پێی ڕێساکان دەستنیشان کراون و، ئەمجا بڕیار دەدەن ئایا دەبێت هەتا چ ڕادەیەک یارمەتییان بۆ دابین بکرێت. ئەگەر **بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوەی پەنابەریی** (ARD) بڕیار بدات کە داواکارییەکەیان بۆ یارمەتی ڕەفز بکات، یان پاش ئەوەی کە یارمەتییان بۆ دابین دەکرێت ئەمجا ARD بڕیار بدات یارمەتییەکەیان بە شێوەیەکی کاتی ڕابگرێت یان بە شێوەیەکی دائیمی ڕابوەستێنێت، ئەوا کەسە پەناخوازەکە دەتوانێت لە دژی ئەو بڕیارانەی ئەوان ئیستیئناف (ئەپیڵ) بکاتەوە.

ئەمجا **دادگای پشتگیریی پەنابەریی** (Asylum Support Tribunal - AST) لێکدانەوەی هەر ئیستیئنافێکی دوای ئەوە دەکات.

ئەم لاپەڕانەی داهاتوو گوڵبژێرێکن لە نووسراوە سەرەکییەکانی کە ئێمە بۆ زمانەکانی کە زۆر بەکاردەهێنرێن، وەرمانگێڕاون. هیوادارین ئەمە هەندێک زانیاریی بەسوودی تێدابێت دەربارەی کارەکانی AST و دەربارەی ئەوەی کە ئایا لە ڕۆژی ئیستیئنافەکەتدا چی ڕوودەدات. ئەگەر زانیاریی زیاتر دەوێت، تکایە بێ دوودڵی پەیوەندییمان پێوە بکە.

**Sehba Haroon Storey**
**Chief Asylum Support Adjudicator (CASA)**
**(سیهبا هارون ستۆری – سەرۆکی دادگای پشتگیریی پەنابەریی)**

# پێشەکی

**ئێمە چی دەکەین**

**یاسای کۆچبەری و پەنابەریی** 1999، کاروباری پشتگیریکردن و یارمەتیدانی پەناخوازان و ئەندامانی خێزانەکانیانی بە شێوەیەکی نوێ، دارِشتۆتەوە. ئەمە جێگەی ئەو کۆمەکی دەوڵەت و بێنەفێتانەی تری پێشووی گرتۆتەوە کە پێشتر پەناخوازان مافی وەرگرتنیان بووە.

**بەرێوەبەرایەتی سەرچاوەی پەنابەریی** (ARD)، لێکدانەوەی ئەوە دەکەن ئایا داواکارەکە و ئەندامانی خێزانەکەی ئەو مەرجانەی بێدەرتانیان تێدایە کە بە پێی رێساکان دەستنیشان کراون و، ئەمجا برِیار دەدەن ئایا دەبێت هەتا چ رادەیەک یارمەتییان بۆ دابین بکرێت. ئەو کۆمەک و یارمەتیە دەشێت پێکهاتبێت لە خانووبەرە و پارەی کاش بۆ پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی رۆژانە.

ئەگەر ARD برِیار بدات کە داواکارییەکەیان بۆ یارمەتی رەفز بکات، یان پاش ئەوەی کە یارمەتییان بۆ دابین دەکرێت ئەمجا ARD برِیار بدات یارمەتییەکەیان بە شێوەیەکی کاتی راْبگرێت یان بە شێوەیەکی دائیمی رابوەستێنێت، ئەوا کەسە پەناخوازەکە دەتوانێت لە دژی ئەو برِیارانەی ئەوان ئیستیئناف بکاتەوە.

ئەمجا **دادگای پشتگیریی پەنابەریی** (AST) لێکدانەوەی هەر ئیستیئنافێکی دوای ئەوە دەکات. ئەوان پەیوەندییان بە لێکۆڵینەوەی داواکاری بۆ پەنابەریی و هەر مەسەلەیەکی تری کۆچبەریی (ئیمیگرێیشن) نیە و، ئەوان تەنها دەتوانن لێکۆڵینەوەی ئیستیئناف بکەن لە دژی برِیاری رەفزکردنی یان راگرتنی یارمەتی لە لایەن ARD.

کاتێک کە دادوەرەکەی (حاکمەکەی) ئیستیئناف دەگاتە ئەنجام دەتوانێت یەکێک لە ئەم سێ برِیارە بدات. دەشێت داوا لە **وەزیری دەوڵەت** بکات کە دووبارە لێکدانەوەی مەسەلەکە بکاتەوە، یان برِیارەکەی کە ئیستیئافی لە دژ کراوەتەوە بگۆرێت بە برِیارێکی خۆی، وە یاخود ئیستیئافەکە رەفز بکات.

دادوەرەکانی ئیستیئناف دەبێت هۆیەکانیان بە نووسین بدەن و برِیاری دادوەری ئیستیئناف دوا برِیارە.

# پێشکەشکردنی ئیستیئناف

دەبێت ئیستیئناف (بە گوێرەی برگەی 103ی **یاساکە**) لە رێگەی "**فۆرمێکی داواکردنی ئیستیئناف** –notice of appeal" داوا بکرێت، کە ئەم فۆرمە دەبێت بە زمانی ئینگلیزی بە تەواویی هەمووی پرِ بکرێتەوە. فۆرمەکە دەبێت لە لایەن داواکاری ئیستیئنافەکەوە (یان لە لایەن نوێنەرەکەیەوە) ئیمزا بکرێت و بنێردرێتەوە بۆ دادوەرەکە و دەبێت کەمتر لە 3 رۆژی کارکردن لە پاش بەرواری (تەئریخی) بەدەستگەشتنی نامەی برِیارەکەی ARD بە داواکاری ئیستیئنافەکە، بگاتەوە بە دەست دادگا.

دادوەری ئیستیئناف دەتوانێت لێکۆڵینەوەی ئیستیئنافەکە بکات لە رێگەی دانیشتنێک بە قسەکردن یان لە رێگەی بەڵگەکان بە نووسین (ئەمەیان پێی دەگووترێت "**کەیسی سەر کاغەز**– papers case").

دادوەری ئیستیئناف دەتوانێت ماوەی رێگەپێدراو بۆ ناردنەوەی فۆرمی داواکردنی ئیستیئناف درێژ بکاتەوە ئەگەر بە بۆچوون و لێکدانەوەی دادوەرەکە ئەو کارە لە بەرژەوەندیی دادپەروەریدایە و، قایل بێت کە داواکاری ئیستیئنافەکە بە هۆی بارودۆخی کە لە دەسەڵاتی خۆیدا نەبووە نەیتوانیوە لە ماوەی رێگەپێدراودا فۆرمەکە بنێرێتەوە.

ئەو رۆژەی کە دادوەرەکەی ئیستیئناف فۆرمی داواکردنی ئیستیئنافەکەی بە دەست گەشت، AST کۆپییەکی فۆرمی داواکردنی ئیستیئنافەکە (و هەر بەڵگەنامەیەکی تری پشتگیری) بە فاکس بۆ **وەزیری دەوڵەت** (ARD) دەنێرێت.

ئەمجا **وەزیری دەوڵەت** دەبێت بە فاکس یان بە دەستی "**دۆسیەی ئیستیئنافەکە**–appeal bundle" بنێرێت بۆ دادوەرەکەی ئیستیئناف. هەروەها **وەزیری دەوڵەت** کۆپییەکی دۆسیەی ئیستیئنافەکە بە پۆستی فێرست کڵاس یان بە فاکس، بۆ داواکاری ئیستیئنافەکە دەنێرێت.

دۆسیەی ئیستیئنافەکە لە ئەمانە پێکهاتووە: کۆپیی ئەو فۆرمەی کە داواکاری ئیستیئنافەکە بە هۆیەوە لەگەڵ هەر بەڵگەنامەیەکی پشتگیریی تر داواکاریی بۆ یارمەتی پێشکەش کردووە، نامەی بڕیارەکەی ARD و هەر نووسراو و بەڵگەنامەیەکی تر کە **وەزیری دەوڵەت** بۆ گەشتن بە بڕیارەکەی پشتی پێ بەستووە.

ڕۆژی پاش ئەوەی کە **وەزیری دەوڵەت** دۆسیەی ئیستیئنافەکە بۆ دادوەرەکەی ئیستیئناف دەنێرێت پێی دەگووترێت "**ڕۆژی لێکدانەوە**–consideration day". دەبێت دادوەرەکەی ئیستیئناف لە ئەم ڕۆژەدا بەرواری بە ئەنجام گەشتنی ئیستیئنافەکە، دەستنیشان بکات.

ئەگەر بڕیار بدرێت کە دانیشتنەکەی ئیستیئناف بە قسەکردن بێت، AST ئاگاداریی **وەزیری دەوڵەت** و داواکاری ئیستیئنافەکە دەکاتەوە کە لە چ ڕۆژێکدا دانیشتنەکەی ئیستیئناف ئەنجام دەدرێت. دادوەرەکە دەبێت دانیشتنەکەی ئیستیئناف بە قسەکردن ئەنجام بدات ئەگەر خودی داواکاری ئیستیئنافەکە لە فۆرمی داواکردنی ئیستیئنافەکەدا داوای کردبێت کە بە قسەکردن بێت، یان ئەگەر دادوەرەکە لە ئەو باوەڕەدابێت کە بۆ ئەوەی ئیستیئنافەکە بە شێوەیەکی ڕەوا و دادپەروەرانە بە ئەنجام بگات پێویستە کە بە قسەکردن ئەنجام بدرێت. لە هەموو حاڵەتێکی تردا دەتوانرێت کە ئیستیئنافەکە بە بێ دانیشتن بە نووسین، ئەنجام بدرێت.

ئەگەر دانیشتنەکەی ئیستیئناف بە قسەکردن بێت، دەبێت دانیشتنەکە بەر لە تێپەڕبوونی ماوەی 5 ڕۆژی کار لە بەرواری '**ڕۆژی لێکدانەوە**' سازبکرێت و ئەنجام بدرێت. بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا، ئیستیئنافەکە دەبێت لە '**ڕۆژی لێکدانەوە**' یان بە زووترین کات پاش ئەو ڕۆژە بە ئەنجام بگەیەندرێت (بەڵام لە هەر حاڵەتێکدا نابێت زیاتر لە ماوەی 5 ڕۆژی کار لە بەرواری ڕۆژی لێکدانەوەکەوە بخایەنێت).

## بە ئەنجام گەیاندن و بڕیاردان لەسەر ئیستیئنافەکە

دەشێت دادوەرەکەی ئیستیئناف ڕەچاوی هەر مەسەلەیەک بکات کە بە بۆچوونی ئەو پەیوەندیی بە ئیستیئنافەکەوە هەیە (لەوانە هەر مەسەلەیەک کە لە پاش بەرواری دەرکردنی ئەو بڕیارەی کە ئیستیئناف لە دژی کراوەتەوە، هاتۆتە ئاراوە).

کاتێک کە دانیشتنێکی ئیستیئناف ساز دەکرێت، دەبێت دادوەرەکە لە کۆتایی دانیشتنەکەدا هەموو ئامادەبووانی دانیشتنەکە سەبارەت بە ئەنجامی بڕیارەکانی ئاگادار بکاتەوە.

دەتوانرێت دانیشتنەکەی ئیستیئناف ئەنجام بدرێت تەنانەت ئەگەر داواکاری ئیستیئنافەکە و نوێنەرە یاساییەکەی و نوێنەری یاسایی **وەزیری دەوڵەت**، ئامادەی دانیشتنەکەی ئیستیئناف نەبن. ئەگەر لە کۆتایی دانیشتنەکەدا داواکاری ئیستیئنافەکە و نوێنەرە یاساییەکەی (ئەگەر هەیبێت) و نوێنەری یاسایی **وەزیری دەوڵەت** لەوێ نەبن، ئەوا دادوەرەکە پاش دانیشتنەکە، بە نامە سەبارەت بە بڕیارەکەی ئاگاداریان دەکاتەوە.

دەبێت پاش ماوەیەک کە لە ماوەی 3 ڕۆژی کار لە ڕۆژی بە ئەنجام گەشتنی ئیستیئنافەکە زیاتر نەبێت، دادوەرەکەی ئیستیئناف ڕاگەیاندننامەی هۆیەکان بۆ داواکاری ئیستیئنافەکە و بۆ **وەزیری دەوڵەت** بنێرێت. نامەی "**ڕاگەیاندننامەی هۆیەکان**-reasons statement" بریتیە لە ئیفادەیەکی (نامەیەکی) نووسراو کە تێدا هۆیەکانی بڕیارەکەی ڕوون دەکاتەوە. ئەگەر بڕیارەکە لە بەرژەوەندیی داواکاری ئیستیئنافەکە نەبێت یان ئەگەر بە پێی بڕیارەکە پێویست بێت کە داواکاری ئیستیئنافەکە هەندێک کاری پێویست بکات، ئەوا بە ماوەیەکی کورت پاش بە ئەنجام گەشتنی ئیستیئنافەکە، AST کۆپییەکی ڕاگەیاندننامەی هۆیەکان بە تەرجومەکراوی بە زمانەکەی خۆی بۆ داواکاری ئیستیئنافەکە، دەنێرێت.

تکایە تێبینی ئەوە بکە کە ڕاگەیاندننامەی هۆیەکان تەرجومە ناکرێت ئەگەر داواکاری ئیستیئنافەکە لەگەڵ کەسێکدا بژی کە ئینگلیزی دەزانێت یان ئەگەر ئەو لە لایەن دەزگایەک، موحامییەک، ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتیی پەنابەرانی باوەڕپێکراو یان ڕێکخراوێکی نادەوڵەتییەوە، نوێنەرایەتی بکرێت.

## ڕاکێشانەوەی بڕیار

ئەگەر وەزیری دەوڵەت ئەو بڕیارەی کە ئیستیئنافی لە دژ کراوەتەوە ڕابکێشێتەوە (پووچەڵ بکاتەوە)، ئەوا دەبێت دەستبەجێ دادوەرەکە و داواکاری ئیستیئنافەکە لەبارەیەوە ئاگادار بکاتەوە.

ئەگەر داواکاری ئیستیئنافەکە بڕیار بدات کە ئیستیئنافەکەی ڕابکێشێتەوە (سەحب بکاتەوە)، ئەوا دەبێت دەستبەجێ دادوەرەکە و **وەزیری دەوڵەت** لەبارەیەوە ئاگادار بکاتەوە.

ئەگەر هەر لایەنێکی ئیستیئنافەکە بڕیار بدات لە پرۆسەی ئیسیئنافەکە پاشەکشە بکات لە ڕێگەی ڕاکێشانەوەی بڕیارەکە یان وازهێنان لە ئیستیئنافەکەی لە دژی بڕیاری ڕەفزکردن یان ڕاگرتنی یارمەتییەکە کراوەتەوە، ئەوا دادەنرێت کە ئیستیئنافە کۆتایی هاتووە و بە ئەنجام گەشتووە.

# زانیاریی زیاتر

ئەگەر داواکارێکی ئیستیئناف هەر زانیارییەکی زیاتر یان هەر نووسراو و بەڵگەنامەیەکی تری هەبێت کە بیەوێت نیشانی دادوەرەکەی بدات، دەبێت بە زووترین کات کۆپیی ئەو نووسراو و بەڵگەنامانە بۆ **دادگای پشتگیریی پەنابەریی** (AST) و بۆ **بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوەی پەنابەریی** (ARD) بنێرێت. هەر نووسراو و بەڵگەنامەیەک کە بە زمانی ئینگلیزی نەبێت، دەبێت کۆپییەکی تەرجومەکراوی ڕەسمیی مۆرکراوی بە زمانی ئینگلیزی لەگەڵدا هاوپێچ بکرێت.

ئەو نووسراو و بەڵگەنامانەی کە دەبێت داواکاری ئیستیئناف نیشانی دادوەری ئیستیئنافی بدات بریتیە لە نامە و ڕاپۆرت، لەوانە ڕاپۆرتی پزیشکی یان هەر پسووڵە و وەسڵێک کە پشتگیریی لە کەیسەکەت بکات. داواکاری ئیستیئناف دەتوانێت هەر شتێک کە بە بۆچوونی ئەو پەیوەندیی بە کەیسەکەیەوە هەیە، بنێرێت. ئەگەر ئەو دڵنیا نەبێت کە ئایا ئەو شتە پەیوەندیی هەیە یان نا، ئەوا باشترە کە بە هەر حاڵ بینێرێت و دادوەرەکە خۆی بڕیار دەدات ئایا ئەو نووسراوە پەیوەندیی هەیە یان نا. داواکاری ئیستیئناف دەبێت لە یادی بێت کە لە ڕۆژی دانیشتنەکەدا نوسخە ئەسڵییەکانی نووسراو و بەڵگەنامەکانی لەگەڵ خۆی بۆ دانیشتنەکەی ئیستیئناف بهێنێت، تەنانەت ئەگەر پێشتر کۆپیەکانیشی ناردبێت.

# ئەنجامدانی دانیشتنەکەی ئیستیئناف بە ڕێکوپێکی

ئەگەر داواکارێکی ئیستیئناف یان نوێنەرەکەی بیەوێت بێت بۆ دانیشتنەکەی ئیستیئناف، دەبێت لە کاتی خۆیدا بگات و ئامادە بێت. ئەگەر هەر کام لە ئەوان دوابکەوێت، لەوانەیە دادوەرەکە بڕیار بدات کە دانیشتنەکە بە بێ ئامادەبوونی ئەوان ئەنجام بدرێت. بڕیاری دادوەرەکە دوا بڕیارە و هیچ مافێکی ئیستیئنافکردنەوە لە دژی ئەو بڕیارەی ئەو نیە. لەبەر ئەوە ئێجگار گرنگە کە داواکاری ئیستیئنافەکە و نوێنەرەکەی لە کاتی خۆیدا بێن و ئامادەی دانیشتنەکەی ئیستیئناف ببن.

ئەگەر داواکارێکی ئیستیئناف ئەدرەسەکەی یان نوێنەرەکەی بگۆڕێت، ئەوا دەبێت بە زووترین کات بە AST بڵێت و ئاگاداریان بکاتەوە. دەتوانرێت بە تەلەفۆن، بە فاکس یان بە نامە پەیوەندی بە AST بکرێت.

کاتێک کە دەربارەی کەیسێکی ئیستیئنافی دیاریکراو نامە بۆ AST دەنێریت، تکایە لە یادت بێت کە لە هەموو نامەکاندا ژمارەی ئیستیئنافەکەی AST و بەرواری دانیشتنەکەی ئیستیئناف، بنووسیت.

# بابەتی جۆراوجۆر

### ئیستیئنافی لە کارکەوتوو

تکایە تێبینی ئەوە بکە کە هەر فۆرمێکی داواکردنی ئسیتیئناف کە بەرواری ئەو بڕیارەی کە ئیستیئنافی لە دژ کراوەتەوە تێدا نەنووسرابێت و کۆپییەکی نامەی بڕیارەکەی ARDی پێوە هاوپێچ نەکرابێت، دادەنرێت کە ئەو فۆرمی داواکردنی ئیستیئنافە ڕاست و بەکار نیە هەتا ئەو کاتەی کە ئەو هەڵانە ڕاست دەکرێنەوە. بە شێوەیەکی ئاسایی ئێمە 7 ڕۆژ مۆڵەت دەدەین بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانە.

### داواکاریی و ڕێنمایی

دادوەرەکەی ئیستیئناف دەشێت داواکاری و ڕێنمایی خۆی بدات سەبارەت بە هەر مەسەلەیەکی ئیستیئنافەکە کە بە بۆچوونی ئەو، بە مەبەستی بەرژەوەندیی دادپەروەری، ئەنجامدانی ئەو کارە پێویستە یان باشترە بکرێت.

# پرۆسەی ئیستیئناف – کارە سەرەتاییەکان

کاتێک کە تۆ داواکارییەکی ئیستیئناف پێشکەش بە AST دەکەیت، یەکەم شت کە دەیکەین بریتیە لە دڵنیاییکردن لەوەی کە تۆ فۆرمی داواکاریی ئیستیئنافەکەت بە ڕاست و دروستی پڕکردۆتەوە. فۆرمەکە دەبێت بە زمانی ئینگلیزی پڕ بکرێتەوە و، لە لایەن تۆوە ئیمزا کرابێت و لە ماوەی دیاریکراوی یاساییدا بە دەستمان بگات. ئەگەر فۆرمەکە بە ڕاست و دروستی پڕ نەکرابێتەوە، ئەوا بە داواکارییەکی بێ نرخ و لە کارکەوتوو لە قەڵەم دەدرێت. ئەمە مانای ئەوە دەبێت کە هەتا فۆرمەکە بە ڕاست و دروستی پڕ نەکەیتەوە و لە ماوەی دیاریکراودا پێشکەشی نەکەیت، ئێمە ناتوانین ئیستیئنافەکەت جێبەجێ بکەین.

پاش ئەوەی کە چێکی فۆرمەکە دەکەین ئەمجا دۆسییەک (فایلێک) بۆ ئیستیئنافەکەت پێکدەهێنرێت و لە ناو سیستەمی کۆمپیوتەری ئێمەدا تۆمار دەکرێت. ژمارەیەکی بێهاوتا بە ئیستیئنافەکەت دەدرێت (هەموو ژمارەی ئیستیئنافەکانی ئێمە بە پێشگری "AST" دەست پێدەکات. گرنگە کە هەر کاتێک پەیوەندییمان پێوە بکەیت ئەو ژمارەیەمان پێبدەیت).

ئەمجا ئێمە ARD ئاگادار دەکەینەوە کە تۆ ئیستیئنافێکت پێشکەش کردووە و، داوایان لێدەکەین کە کۆپیی هەموو ئەو بەڵگەنامانەمان بۆ بنێرن کە بە گوێرەیان داواکارییەکەی تۆیان ڕەفز کردووە یان ڕاگرتووە.

دادوەرێکی ئیستیئناف تەماشای کەیسەکەت دەکات و دەشێت داوای زانیاریی زیاتر لە تۆ یان لە ARD بکات. ئەگەر تۆ نوێنەری یاسایيت (بۆ نموونە موحامییت) هەبێت، ئەوا کۆپییەکی ئەو پرسیار و داواکاریانە بۆ ئەویش دەنێردرێت.

ئەگەر تۆ داوات کردبێت کە دانیشتنتەکەی ئیستیئناف بە قسەکردن بێت، ئێمە **"ئاگادارنامەیەکی دانیشتنەکەت – hearing notice"** بۆ دەنێرین. ئەمە کات و بەرواری دانیشتنەکەی ئیستیئنافت پێڕادەگەیەنێت. هەروەها ئەگەر نوێنەری یاساییت هەبێت، کۆپییەکی ئاگادارنامەکە بۆ ئەویش دەنێردرێت.

تکایە لە ناو فۆرمی داواکاریی ئیستیئنافەکەدا (ئەگەر دەکرێت) پێمان بڵێ ئایا موتەرجیمت بە چ زمان و بە چ زاراوەیەک (لەهجەیەک) بۆ دانیشتنەکەی ئیستیئناف دەوێت. ئەمجا ئێمە موتەرجیمێکی بێلایەن بۆ دانیشتنەکەی ئیستیئناف دابین و ئامادە دەکەین.

ئەمجا ئێمە هەندێک بڵاوکراوەی زانیاریبەخشت دەربارەی AST و دەربارەی سەنتەری دانیشتنەکەی ئیستیئناف، بۆ دەنێرین. ئەو زانیاریانە بۆتی ڕوون دەکەنەوە کە چۆن دەتوانیت بێیت بۆ لای ئێمە و، ئەو ئاسانکارییانە چین کە ئێمە دابینیان دەکەین و ڕوونکردنەوەی هەندێک لە ئەو وشە و دەستەواژانەی کە ئێمە بەکاریان دەهێنین. هەروەها ئێمە بڵاوکراوەیەکت دەربارەی چۆنیەتی دەربڕینی سەرنج و بۆچوون و پێشنیارەکانت، بۆ دەنێرین.

هەروەها ئەگەر پێشتر دەربارەی هەر کەمئەندامییەک یان پێداویستییەکی تایبەتی کە لەوانەیە هەتبێت ئاگادارمان بکەیتەوە، ئەوا یارمەتیمان دەدات کە بتوانین یارمەتیی پێویستت بۆ دابین بکەین.

# لە ڕۆژی دانیشتنەکەی ئیستیئنافدا

کاتێک دەگەیتە سەنتەری دانیشتنەکەی ئیستیئناف، هەروەکو فڕۆکەخانە و بینا دەوڵەتییە گەورەکانی تر داوات لێدەکەین کە بە ناو ئامێرێکی سکانی پشکنیندا بڕۆیت. کارمەندانی پرسگەکە داوات لێدەکەن کە هەر شتومەکێکی بابەتی تەلەفۆنی مۆبایل، چەرخ و... هتد، هەتا دوای دانیشتنەکەی ئیستیئناف لە لای ئەوان دابنێیت و بەجێبهێڵیت.

کاتێک کە کاروباری دانیشتنەکە ئامادە دەبێت کە دەست پێبکرێت، دادنووسەری دانیشتنی ئیستیئنافەکە داوا لە خۆت (و نوێنەرەکەت ئەگەر هەتبێت) دەکات کە بچن بۆ ژووری دانیشتنەکەی ئیستیئناف لە نهۆمی (قاتی) یەکەم. داوا لە تۆ و، موتەرجیمەکە و نوێنەرە یاساییەکەی ARD دەکرێت کە لە ڕاڕەوی دەرەوەی بەردەم ژووری دانیشتنەکەی ئیستیئنافدا کۆبوونەوە و ڕابوەستن هەتا ئەو کاتەی کە دادوەرەکە خۆی بۆ دەستپێکردنی دانیشتنەکە ئامادە دەکات.

ئەگەر تۆ هاوڕێیەکت لەگەڵ خۆت هێنابێت، ئەو دەبێت لە ڕیزی پشتەوەی ژووری دانیشتنەکەی ئیستیئنافدا دابنیشێت، بەڵام نابێت و بۆی نیە کە بەشداری لە کاروبارەکانی دانیشتنەکەی ئیستیئنافدا بکات. ئەگەر بتەوێت کەسێک وەکو شایەت لە دانیشتنەکەدا شایەتی بۆ تۆ بدات، ئەوا دەبێت ئەو کەسە لە هۆڵی چاوەڕوانییەکە بمێنێتەوە و دابنیشێت هەتا ئەو کاتەی کە بانگ دەکرێت. ئەمجا دادنووسەری دانیشتنی ئیستیئنافەکە دەچێت بە شوێنیدا و دەیهێنێت بۆ ژووری دانیشتنەکەی ئیستیئناف. ئەگەر دەتەوێت کەسێک وەکو شایەت لە دانیشتنەکەدا بەکاربهێنیت، تکایە لەبارەیەوە ئاگادارمان بکەرەوە بۆ ئەوەی پێشتر کاروباری پێویست لەبارەیەوە ڕێکبخەین.

لە ماوەی دانیشتنەکەی ئیستیئنافدا، **کارمەندی پێشکەشکەر**–presenting officer (واتە نوێنەری لایەنی بەرامبەر) بڕیارەکەی ARD ڕوون دەکاتەوە. دەشێت هەندێک پرسیارت لەبارەیەوە لێبکرێت و، دەرفەت و بواری ئەوەت پێدەدرێت کە سەرنج و بۆچوونەکانی خۆت لەبارەیانەوە بخەیتە ڕوو. ئەگەر پێشتر داوای موتەرجیمت کردبێت، ئەوا پرسیارەکانت لە ڕێگەی موتەرجیمەکەوە لێدەکرێت. دادوەرەکە هەموو هەوڵێک دەدات کە دڵنیایی بکات تۆ دەتوانیت لە گفتوگۆکانی دانیشتنەکەدا بەشداری بکەیت و بە تەواویی تێدەگەیت لە هەموو ئەوەی کە لە دانیشتنەکەدا ڕوودەدات.

کاتێک کە کاروبارەکانی دانیشتنەکە تەواو دەبێت، دەشێت داوات لێبکرێت کە بگەڕێیتەوە بۆ هۆڵی چاوەڕوانی کاتێک کە دادوەرەکە لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی ئیستیئنافەکەت دەکات.

هەر کە دادوەرەکە خۆی ئامادە کرد، داوات لێدەکرێت کە بگەڕێیتەوە بۆ ژووری دانیشتنەکەی ئیستیئناف و دادوەرەکە سەبارەت بە بڕیارەکەی ئاگادارت دەکاتەوە و پێت دەڵێت. دادوەرەکە دەشێت بڕیارەکە پەسەند (قبوڵ) بکات، یان ڕەفزی بکات وە یاخود کەیسەکەت حەواڵەی **وەزیری دەوڵەت** بکات بۆ ئەوەی دووبارە لێکدانەوەی بکاتەوە.

کاتێک کە ژووری دانیشتنەکەی ئیستیئناف بەجێدەهێڵیت نامەیەکت دەربارەی بڕیارەکە پێدەدرێت. پاشتر لە ماوەی دوو ڕۆژدا نامەیەکی چڕوپڕت (**ڕاگەیاندننامەی هۆیەکان**) دەربارەی بڕیارەکە بۆ دەنێردرێت. هەروەها ئەگەر داوا بکرێت، ئێمە دەتوانین ئەو نامەیەت بە تەرجومەکراوی بە زمانی خۆت بۆ بنێرین. ئەمە لە پاش چەند ڕۆژێکی کەم دوای دانیشتنەکەی دادگا بۆت دەنێردرێت. لەبەر ئەوە بۆ ئەوەی بتوانین ئەمەت بۆ بنێرین، گرنگە کە سەبارەت بە هەر گۆڕینێکی ئەدرەست ئاگادارمان بکەیتەوە و لە دانیشتنەکەی ئیستیئنافدا داوات لێدەکرێت فۆرمێکی ئەدرەسی ئێستات پڕ بکەیتەوە.

تکایە لە یادت نەچێت کە پاش دانیشتنەکەی ئیستیئناف بەر لە ئەوەی لە سەنتەرەکە بچیتە دەرەوە، هەرچی شتێکت لە پرسگەکەی نهۆمی ئەرزی داناوە وەریبگریتەوە و لەگەڵ خۆت ببیەیت.

# کەیسی سەر کاغەز

ئەگەر تۆ داوات نەکردبێت کە دانیشتنەکەی ئیستیئنافت بە قسەکردن بێت، ئەوا لە ماوەی پێنج ڕۆژ لە بەدەستگەشتنی فۆرم و بەڵگەنامەکانت لە ARD، بڕیارێک دەربارەی ئیستیئنافەکەت دەدرێت. دووبارە دەشێت داوای زانیاریی زیاتر لە ARD یان لە تۆ بکرێت. ئەگەر نوێنەری یاساییت هەبێت، ئەوا کۆپییەکی ئەو داواکارییانە بۆ ئەویش دەنێردرێت. پاش ئەوەی کە دادوەرەکە لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی ئیستیئنافەکەت دەکات و بە ئەنجام دەگات و بڕیار دەدات، ئەمجا ئێمە نامەیەکی چڕوپڕت بۆ دەنێرین کە تێیدا بڕیارەکەت بۆ ڕوون دەکەینەوە و هەروەها دەشێت کە کۆپییەکی وەرگێڕاویشت بۆ بنێرین.

# ڕێنماییەک دەربارەی ئەو وشە و دەستەواژانەی بەکاریان دەهێنین

لەوانەیە تۆ هەندێک لە ئەو وشە و دەستەواژانەی کە ئێمە بەکاریان دەهێنین تێنەگەیت یان نەتبیستبن. ئەم بەشە ئەو وشە و دەستەواژانەت بۆ ڕوون دەکاتەوە. ئەگەر هەر شتێک هەیە کە لێی تێناگەیت، تکایە لەسەر ژمارەی 2500 8588 (020) پەیوەندی بە **هێڵی یارمەتیی تەلەفۆنی** بکە.

ئێمە ئەم زانیاریانەمان لە چەندین بڵاوکراوەی تردا بە چەندین زمانی تر بەرهەمهێناوە. بۆ بەدەستکەوتنی کۆپییەک، تکایە پەیوەندی بە سەنتەری ئیستیئنافەکەوە بکە. ئێمە ویستومانە کە شتەکان بە زمانێکی سادە و پاراو ڕوون بکەینەوە. بەڵام هەندێک جار ڕوونکردنەوەی بابەتی یاسایی لە لیستێکی وەها کورتدا کارێکی ئاسان نیە. لەبەر ئەوە ئەگەر شتێکت خوێندەوە یان شتێکت بیست کە تێینەگەیت، تکایە پرسیار لە ئێمە یان لە نوێنەرە یاساییەکەت بکە کە بۆت ڕوون بکرێتەوە، وە یاخود لە سەنتەری ئیستیئنافەکە پەیوەندی بە ئێمەوە بکە.

# A

## Adjudication

**(بڕیار - ئەجودیکێیشن)**

ئەمە ئەو بڕیارەیە کە دادوەرەکەی (حاکمەکەی) ئیستیئناف پاش لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە، دەیدات.

## Adjudicator

**(دادوەری ئیستیئناف - ئەجودیکێیتەر)**

ئەمە ئەو کەسەیە کە بڕیار لەسەر ئیستیئنافی پشتگیریی پەنابەریی دەدات.

هەموو دادوەرەکانی ئیستیئناف سەربەخۆ و بێلایەنن. ئەمە مانای ئەوەیە کەس پێیان ناڵێت کە چۆن دەبێت بڕیار لەسەر کەیسەکە بدەن. ئەوان بە گوێرەی یاسا بڕیارەکەی خۆیان دەدەن.

هەموو دادوەرەکانی ئیستیئناف بریتین لە موحامی یان بارستەری شارەزا و خاوەن ئەزموون.

## Appeal

**(ئیستیئناف - ئەپیڵ)**

ئیستیئناف بریتیە لەوەی کە داوا لە دادوەرێکی ئیستیئناف بکەیت جارێکی تر لێکدانەوەی شتێک بکات.

## Appellant

**(داواکاری ئیستیئناف - ئەپیڵەنت)**

داواکاری ئیستیئناف بریتیە لە ئەو کەسەی کە داواکارییەکی ئیستیئناف پێشکەش بە **دادگای پشتگیریی پەنابەریی** (AST) دەکات.

## AST staff

**(کارمەندانی دادگای پشتگیریی پەنابەریی)**

کارمەندانی **دادگای پشتگیریی پەنابەریی** (AST) ناوێکی ترە بۆ ئەو کەسانەی کە لەگەڵ ئێمە کار دەکەن.

### Asylum Resource Directorate Presenting Officer

**(کارمەندی پێشکەشکەری بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوەی پەنابەریی)**

ئەمە بریتیە لە کارمەندێکی ڕەسمیی **بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوەی پەنابەریی** (ARD) کە لەئیستیئنافەکەدا نوێنەرایەتیی لایەنی **بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوەی پەنابەریی** (ARD) دەکات.

### Asylum Support Tribunal

**(دادگای پشتگیریی پەنابەریی)**

ئەمە ناوی دەزگاکەی ئێمەیە. هەندێک جار وەکو کورتکراوەیەک پێمان دەگوترێت AST.

## C

### Centre Manager

**(بەڕێوەبەری سەنتەر)**

**بەڕێوەبەری سەنتەر** (بینای دادگاکەی ئیستیئناف) بریتیە لە کارمەندێکی ڕەسمی. کاری ئەو دڵنیاییکردنە لەوەی کە کاروباری سەنتەرەکە بە ڕێکوپێکی بەڕێوەدەچێت. بەڕێوەبەری سەنتەرەکە بەرپرسیارە لە ئەو کارمەندانەی کە بۆ ئێمە کار دەکەن. کارمەندانی بەڕێوەبەری سەنتەرەکە سەبارەت بە کاروبارەکانی ڕۆژانەیان یارمەتیی دادوەرەکانی ئسیتیئناف دەدەن، بەڵام ناتوانن لە بڕیاردانی ئیستیئنافدا بەشداری بکەن. ئەوان لێرەن بۆ ئەوەی کاروبارەکان بە ڕێکوپێکی بەڕێوەبچن. تکایە لە یادت بێت، بەڕێوەبەری سەنتەرەکە ناتوانێت لە هیچ ئیستیئنافێکدا بەشداری و تەدەخول بکات. ئەگەر هەر شتێک بە هەڵە ڕوویدا، تکایە داوا بکە کە قسە لەگەڵ بەڕێوەبەری سەنتەرەکە بکەیت.

### Citizens' Advice Bureau

**(بێرۆی ئامۆژگاریی هاوڵاتیان)**

**بێرۆی ئامۆژگاریی هاوڵاتیان** (سیتیزن ئەدڤایس بێرۆ) دەزگایەکە کە ئۆفیسیان لە زۆربەی شار  شارۆچکەکاندا هەیە. ئەوان ئامۆژگاری دابین دەکەن بۆ هەر کەسێک کە کێشە و گرفتی هەبێت. ئەوان ئامۆژگاری بە خۆڕایی دابین دەکەن. ئەگەر کێشە و گرفتێکی زۆر سەختت هەبێت، لەوانەیە حەواڵەت بکەن بۆ لای موحامییەک یان کەسێکی تر کە شارەزایی تایبەتیی هەیە.

### Cross-examined

**(پرسیار و لێکۆڵینەوە)**

لە سەرەتای دانیشتنەکەی ئیستیئنافدا، پرسیار لە تۆ و لە شایەتەکانت دەکرێت. پاش ئەوەی کە وەڵامی پرسیارەکان دەدەنەوە ئەمجا دەشێت کە لایەنی بەرامبەریش پرسیارتان لێبکات. بە ئەمە دەگووترێت پرسیار و لێکۆڵینەوە.

## D

### Dismissing your Appeal

**(ڕەفزکردنی ئیستیئنافەکەت)**

ئەمە یەکێکە لە ئەو بڕیارانەی کە دەشێت دادوەرەکەی ئیستیئناف بیدات و، مانای ئەوەیە کە ئەو قایل و ڕەزامەندە بە ئەو بڕیارەی کە **دادگای پشتگیریی پەنابەریی** (AST) سەبارەت بە تۆ دەریکردووە. تەنها پاش لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی کەیسەکەت ئەمجا دادوەرەکەی ئیستیئناف دەگاتە ئەم بڕیار و ئەنجامە.

# G

## Grounds of Appeal

**(بنچینەکانی ئیستیئنافەکە)**

ئەمانە بریتین لە هۆیەکانی ئیستیئنافکردنەوەت.

# H

## Home Secretary

**(وەزیری ناوخۆ)**

**وەزیری ناوخۆ** (**هۆم سێکریتەری**) بریتیە لە وەزیری دەوڵەت کە بەرپرسیارە لە **وەزارەتی ناوخۆ** (**هۆم ئۆفیس**). هەندێک جار ئەو پێی دەگووترێت **وەزیری دەوڵەت**. **وەزیری ناوخۆ** بەرپرسیارە لە کاروباری کۆمەک و پشتگیریی پەنابەران.

# I

## Immigration Advisory Service

**(خزمەتگوزاریی ئامۆژگاریی کۆچبەریی)**

**خزمەتگوزاریی ئامۆژگاریی کۆچبەریی** دەزگایەکە کە بە خۆڕایی ئامۆژگاری دەربارەی کاروبار و بابەتەکانی بواری کۆچبەریی (ئیمیگرێیشن) دابین دەکات.

## In Court

**(لە دادگا)**

بە شێوەیەکی گشتی **لە دادگا** مانای ئەوەیە کاتێک کە خەڵک لە ناو ژووری دادگادان و دانیشتنێکی دادگا بەڕێوە دەچێت. هۆڵی دادگا دەستەواژەیەکی ترە بۆ وشەی ژووری دانیشتنی دادگا.

# N

## Notice of Hearing

**(ئاگادارنامەی دانیشتنەکە)**

ئاگادارنامەی دانیشتنەکە بریتیە لە نامەیەک کە بۆ تۆی دەنێرین و تێیدا ئاگادارت دەکەینەوە و پێت دەڵێین کە کەی دانیشتنەکەی ئسیتیئناف ئەنجام دەدرێت. کات و بەروارەکەت پێدەڵێت و هەروەها پێت دەڵێت کە ئایا دانیشتنەکە لە کوێ ئەنجام دەدرێت. هەروەها پێت دەڵێت ئەو شتانە چین کە دەبێت بیانکەیت.

# P

## Papers Case

**(کەیسی سەر کاغەز)**

ئەمە مانای ئەوەیە کە دادوەرەکەی ئیستیئناف بە وردی نامە و بەڵگەنامەکانی ئیستیئنافەکەت دەخوێنێتەوە. ئەمجا ئەو بڕیار دەربارەی کەیسی ئیستیئنافەکەت دەدات بێ ئەوەی پێویست بکات کە تۆ بێیت بۆ سەنتەری ئیستیئنافەکە و لەوێ ئامادەبیت.

# R

## Refer for Reconsideration

**(حەواڵەکردن بۆ دووبارە لێکدانەوە)**

ئەمە یەکێکە لە ئەو بڕیارانەی کە دەشێت دادوەرەکەی ئیستیئناف بیدات و، مانای ئەوەیە کە دادوەرەکەی ئیستیئناف داوا لە **بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوەی پەنابەریی** (ARD) دەکات کە جارێکی تر لێکدانەوەی کەیسەکەت بکەنەوە.

## Refugee Legal Centre/Refugee Council

**(سەنتەری یاسایی پەنابەران/دەزگای ئەنجومەنی پەنابەران)**

**سەنتەری یاسایی پەنابەران/ڕیفیوجی کاونسڵ** بە خۆڕایی ئامۆژگاری دەربارەی کاروبار و بابەتەکانی بواری پەنابەریی، دابین دەکەن.

## Representative

**(نوێنەر)**

پێویستە زۆر بە وردی بیر لەوە بکەیتەوە کە نوێنەرێکی یاسایی (بۆ نموونە موحامی) پەیدا بکەیت، چونکە ئەوان دەتوانن سەبارەت بە ئیستیئنافەکەت یارمەتیت بدەن.

نوێنەرانی یاسایی دەشێت بریتیبن لە موحامی، بارستەر یان کەسانێک کە لە بواری کاروباری ئیستیئنافدا ڕاهێنانیان پێکراوە. دەشێت ئەوان بریتیبن لە نوێنەرانی ڕێکخراو و دەزگاکانی وەکو **خزمەتگوزاریی ئامۆژگاریی کۆچبەریی** یان **سەنتەری یاسایی پەنابەران/ڕیفیوجی کاونسڵ**، **سەنتەرەکانی یاسایی** یان **بیرۆی ئامۆژگاریی هاوڵاتیان**.

پێویستە دڵنیایی بکەیت کە ئەو کەسەی هەڵیدەبژێریت، ڕاهێنان و ئەزموونی پێویستی هەیە کە بتوانێت یارمەتیت بدات. ئەگەر سەبارەت بە هەڵبژاردنی نوێنەرێک پێویستیت بە یارمەتی هەیە، دەتوانیت بە تەلەفۆن یان سەردانی هەر لقێکی **بیرۆی ئامۆژگاریی هاوڵاتیان** یان **سەنتەری یاسایی** (Law Centre) بکەیت. هەروەها لە زۆربەی کتێبخانە گشتییەکاندا کتێبی دەلیلی لیستی موحامییەکان هەیە.

## Respondent

**(دەعوالێکراو)**

دەعوالێکراو ئەو کەسەیە کە ئیستیئناف لە دژی بڕیارەکەی کراوەتەوە. لە هەموو ئەو ئیستیئنافانەی کە پێشکەش بە **دادگای پشتگیریی پەنابەریی** (AST) دەکرێن دەعوالێکراو بریتیە لە **وەزیری دەوڵەت**.

# S

## Secretary of State

**(وەزیری دەوڵەت)**

ئەمە ناوێکی ترە بۆ **وەزیری ناوخۆ**. زۆربەی بەشەکانی (وەزارەتەکانی) حکومەت وەزیرێکی دەوڵەتیان هەیە، بەڵام لە کەیسەکانی ئیستیئنافی **دادگای پشتگیریی پەنابەرییدا** (AST) دەستەواژەی **وەزیری دەوڵەت** بە شێوەیەکی گشتی مانای **وەزیری ناوخۆ** دەبەخشێت.

### Solicitor

**(موحامی/پارێزەر)**

**سۆلیسیتەر** مانای موحامییە. هەندێکیان ئەزموون و ڕاهێنانی تایبەتییان هەیە، بۆ نموونە لە بواری کاروباری کۆمەک و پشتگیریی پەنابەرییدا.

### Submissions

**(پوختەی پێشکەشکراو)**

پوختەی پێشکەشکراو (سەبمیشن) بریتیە لە ئەوەی کە هەر کام لە دوو لایەنی کەیسەکە بە دادوەرەکەی ئسیتیئناف ڕادەگەیەنن کە بیر و بۆچوونی ئەوان دەربارەی کەیسەکە چیە. پوختەی پێشکەشکراو لە کۆتایی ئیستیئنافەکەدا پاش ئەوەی گوێ لە خۆت و شایەتەکانت ڕادەگیرێت، ئەنجام دەدرێت و پێشکەش دەکرێت. ئەمە بۆ ئەوەیە کە هەر دوو لایەنەکە سەرنجی دادوەرەکەی ئیستیئناف ڕابکێشن بە لای ئەو مەسەلانەدا کە بە بۆچوونی ئەوان لە هەموو شتێک گرنگترن.

# U

### Upholding an Appeal

**(پەسەندکردنی/قبوڵکردنی ئیستیئناف)**

ئەمە یەکێکە لە ئەو بڕیارانەی کە دەشێت دادوەرەکەی ئیستیئناف بیدات. ئەمە مانای ئەوەیە کە دادوەرەکەی ئیستیئناف قایل و ڕەزامەندە بە هەموو یان بە بەشێک لە قسە و بۆچوونەکانی تۆ و، بڕیارێکی نوێ دەربارەی داواکارییەکەت بۆ کۆمەک و یارمەتیی پەنابەریی دەردەکات. تەنها پاش لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی کەیسەکەت ئەمجا دادوەرەکەی ئیستیئناف دەگاتە ئەم بڕیار و ئەنجامە.

### Usher

**(دادنووسەر)**

دادنووسەر (ئەشەر) بریتیە لە کارمەندێک کە لە ژووری دانیشتنەکەی دادگا یارمەتیی دادوەرەکەی ئیستیئناف دەدات. ئەو ڕێنماییت دەکات کە بەر لە دەستپێکردنی دانیشتنەکەی ئیستیئنافت لە کوێدا چاوەڕوانی بکەیت. هەندێک جار دەشێت کارمەندێکی ئاسایش یارمەتی و هاوکاری دادنووسەر بکات.

# W

### Witness

**(شایەت)**

ئەمە بریتیە لە ئەو کەسەی کە تۆ داوای لێدەکەیت بێت بۆ دانیشتنەکەی ئیستیئنافت بۆ ئەوەی پشتگیری لە ئیستیئنافەکەت بکات، وە یاخود بریتیە لە ئەو کەسەی کە لە لایەن **کارمەندی پێشکەشکەرەوە** بانگ دەکرێت بۆ ئەوەی پشتگیری لە بۆچوونەکەی ئەوان بکات. مەرج نیە کە شایەت لەگەڵ خۆت بهێنێت بەڵام ئەگەر بتەوێت دەتوانیت ئەو کارە بکەیت. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەمە دەبێت پرسیار لە نوێنەرە یاساییەکەت بکەیت.

# پەیوەندیکردن بە دادگای پشتگیریی پەنابەریی (AST)

### ئەدرەس

Asylum Support Tribunal
Christopher Wren House
113 High Street Croydon
CR0 1QG

### تەلەفۆن

020 8588 2500

### فاکس

020 8588 2519

### تەلەفۆنی خۆڕایی

ژمارە تەلەفۆنی خۆڕایی **دادگای پشتگیریی پەنابەریی** (AST) بریتیە لە **0800 3897913**

ئەمە تەنها دەتوانرێت لە لایەن داواکاری ئیستیئنافەکەوە بەکاربهێنرێت بۆ باس و تاوتوێکردنی ئیستیئنافەکەی و پرۆسەی ئیستیئنافەکە.

### ئیمێڵ

تکایە تێبینی ئەوە بکە کە ئێستاکە ناتوانرێت لە ڕێگەی ئێمێڵەوە پەیوەندییمان پێوە بکرێت.

ئەگەر حەز دەکەیت قسەمان لەگەڵ بکەیت، تکایە تەلەفۆنمان بۆ بکە یان نامەمان بۆ بنێرە.

### چۆنیەتی هاتن بۆ دەزگاکەمان

تکایە تێبینی ئەوە بکە کە **دادگای پشتگیریی پەنابەریی** (AST) دەزگاکەیەکی سەربەخۆیە و سەر بە **دەزگای سنوور و کۆچبەریی** (Border & Immigration Agency) نیە. کاتێک دێیت بۆ Christopher Wren House (**کریستۆفەر ڕێن هاوس**) دەبێت بچیت بەرەو شەقامی High Street (**های ستریت**) و بە پێچەوانەی ئاڕاستەی Whitgift Centre – **وایتگیفت سەنتەر** (سەنتەری بازاڕە سەرەکییەکە) بڕۆ. بینای **دادگای پشتگیریی پەنابەریی** (AST) نزیکەی 10 –15 دەقیقە بە پیادە لە وێستگەی شەمەندەفەری/قیتاری **ئیست کرۆیدن** (East Croydon Railway Station) دوورە.